کۆمیسیۆن: 160 هاوپەیمانی و پارت ناوی بەربژێرکانیان پێشکەشکردووە



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، 160 هاوپەیمانی و پارت و لیستی تاک، ناوی بەربژێرکانیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشکەشکردووە.

جومانە غەلای، گوتەبژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، لیستی ناوی بەربژێرکان کە پێشکێش بە کۆمیسیۆن کراون، لەماوەی مانگێکدا وردبینییی بۆ ئەنجامدرێت.

گوتەبژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بۆشکرد، لەماوەی ئەو مانگەدا، کە وردبینی بەسەرجەم بەربژێرکان دەکرێت، هەر بەربژێرێک مەرجەکانی تیادا نەبێت، لە بەربژێربوون دوورخرێتەوە.

بەیارەی رۆژی 11ـی تشرینی دووەمی 2025 هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێت، هەرچوار سەرکایەتییەکەی عێراق بەردەوام پشتیوانیی خۆیان بۆ کۆمیسیۆن بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەو وادیەدا دووپاتدەکەنەوە و کۆمیسیۆنیش بەردەوام لە ئامادەکارییەکان.